ئەدەب و کولتوور ڕووداو

# لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێردا بۆ کتێب 100 ناونیشان کۆکرانەوە

## "ئەو کتێبانە بیری توندئاژۆییان بڵاودەکردەوە"

■ ئا: سەرباز سیامەند

بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەڵێت: ئەمساڵ لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، ئەو کتێبانەی بیری توندئاژۆییان تێدابووە لەچاو پارساڵ زیاتر بوون، نزیکەی 100 ناونیشانیش لەبەر هەمان هۆ لە پێشانگەکەدا قەدەغە کران.


محەممەد گەردی، لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لیژنەیەک لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و ئەوقاف پێکهات بۆ چاودێریی کتێبەکان لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، ئەمساڵ نزیکەی 100 ناونیشانی کتێب لە پێشانگەکە هەڵگیرانەوە. ئەو کتێبانەی بیری توندئاژۆییان تێدابوو لە پارساڵ زیاتر بوون. ساڵی 2017 یش بەهەمانشێوە کتێبی لەو بابەتە زۆر بوون".

محەممەد گەردی دەشڵێ، لیژنەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی ڕۆشنبیری خەریکی بەدواداچوون و چاودێریکردنی ناونیشانی کتێبەکانن. زۆربەی ئەو کتێبانەشی کە دوورخراونەتەوە کتێبی ئیسلامی سیاسی و توندئاژۆیین و بە عەرەبی نووسراون.



# سەباح ڕەنجدەر چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور




سەباح ڕەنجدەر، نووسەر و شاعیر، نوێترین کتێبی خۆی بەناوی "چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە" چاپ و بڵاوکردەوە.

ئەم بەرهەمە چوار کتێبە لە کتێبێکدا و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر چاپ کراوە.

کتێبەکە چەندین وتاری ئەدەبیی شاعیر لەبارەی شیعرەوە لەخۆدەگرێت و جەوهەر فەتاح کاری دیزاینی بۆ بەرگ و ناوەوەی کتێبەکە کردووە.

کتێبی یەکەم لەم کتێبەدا بریتییە لە "پەیامی شیعر لە زمانی خوداوەندی شیعرەوە". کتێبی دووەم بەناوی "سەرنج و تێبینی لەبارەی دە کۆ شیعری کوردی"، کتێبی سێیەم بەناوی "قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە" و کتێبی چوارەم بەناوی "نامەی کراوە و ...." یە.

# تابلۆ دزراوەکەی پیکاسۆ دوای بیست ساڵ دۆزرایەوە

■ ئا: بژار حەکیم



پیاوێکی هۆڵەندی کە شارەزایە لە بەدواداچوونی شاکارە هونەرییە ونبووەکان، تابلۆیەکی وێنەکێشی بەناوبانگی ئیسپانی پابلۆ پیکاسۆی دۆزییەوە کە بیست ساڵ لەمەوبەر دزرابوو.

ئارسەر براند، شارەزا لە بەدواداچوون بۆ شاکارە هونەرییە ونبووەکان ڕایگەیاند، پۆرترێتەکە لە نێو تاوانکارەکانی هۆڵەندا دەستاودەستی پێکراوە، دوای ئەوەی ساڵی 1999 لەناو یەختی سەرمایەدارێکی سعودی دزرا.

بەگوتەی ئارسەر براند، تابلۆکەی پیکاسۆ ساڵی 1938 کێشراوە، مەزەندە دەکرێت بەهاکەی 28 ملیۆن دۆلار بێت. تابلۆکە وێنەی دۆرا ماری خۆشەویستی پیکاسۆی لەسەر نەخشێنراوە کە ماوەی شەش ساڵ چیرۆکی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبوو. دۆرا ئیلهامبەخشی پیکاسۆ بووە بۆ شاکارە هونەرییەکانی.

ئارسەر براند ناوێکی دیارە لە جیهانی شاکارە هونەرییەکان و شوێنەوارە مێژووییەکاندا. ساڵی ڕابردوو ناوی براند لە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە دوای ئەوەی ئاسەوارێکی مێژوویی بیزەنتییەکانی دۆزییەوە کە مێژووەکەی بۆ 1600 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە کڵێسایەکی قوبرس دزرابوو.

# لە هەولێر چوارەمین فێستیڤاڵی مۆنۆدراما بەڕێوەدەچێت

■ ئا: بژار حەکیم

لە هەولێر ئامادەکاری بۆ بەڕێوەچوونی چوارەمین فێستیڤاڵی مۆنۆدراما دەکرێت کە بڕیارە لەم مانگەدا لە شاری هەولێر بە بەشداریی دوازدە گرووپی شانۆیی دەست بەکارەکانی بکات.

هیوا سوعاد، سەرۆکی فێستیڤاڵ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بڕیارە لە ڕۆژانی 21 تاوەکو 25ی نیسان چوارەمین فێستیڤاڵی مۆنۆدراما لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ.

سەرۆکی فێستیڤاڵ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لە فێستیڤاڵی مۆنۆدرامادا دوازدە شانۆگەری پێشکەش دەکرێن و هەریەک لە وڵاتانی: مەغریب، لوبنان، سەڵتەنەی عوممان، میسر و ئێران بەشدار دەبن، لەگەڵ گرووپە شانۆییەکانی خوارووی عێراق و هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکووک.

فێستیڤاڵی مۆنۆدراما بەسەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

وەک هیوا سوعاد گوتی، دوای ئەوەی دوازدە شانۆگەری پێشکەش دەکرێن، هاوکات لەدوای هەر نمایشێکی شانۆیی دانیشتی ڕەخنەیی و سیمینار بەڕێوەدەچێ.

**هیوا سوعاد:**

**شەش وڵات بەشداری لە فێستیڤاڵەکەدا دەکەن**



## نامە ئەکادیمییەکان

# جیهانبینی ئاینی و میتافیزیکی لای گۆران




هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی نامەیەکی ماستەری (عەلی مستەفا)یە، بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. دلشاد عەلی) ساڵی (2013) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

نامەکە لە دوو دەروازە پێکهاتووە و سێ پرسی بنەمایی هاوبەش کە (مەرگ، گیان و خودا)ن، لە هەردوو جیهانبینی ئاینی و میتافیزیکیدا کراون بە پانتایی کاری توێژینەوەکە:

دەروازەی یەکەم، لایەنی تیۆری نامەکەیە و لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێناسە و چەمکی جیهانبینی و جۆرەکانی (گشتی و تایبەتی) خستووەتەڕوو، توێژەر سەرەتا ئاماژە بە تازەیی چەمکی (جیهانبینی) لە زمان و فەرهەنگ و پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا دەدات، دواتریش پێناسە جیاوازەکانی جیهانبینی دەکات کە لای فارسەکان بە گەلێک مانای جیاوازی وەک (اندیشە، دیدگاە، فکر، بینش، معریفە..) هاتووە. (بینی) تەنیا بۆ بینین نییە، بەڵکو بۆ ناسین و تێڕامانیشە، جۆرەکانی جیهانبینیش فرەن: (فەلسەفی، زانستی، ئاینی..). بۆیە جیهانبینی بریتییە لە کۆڕوانین و لێکدانەوەی بوون و مرۆڤ و جیهان. دیارە تازەیی چەمکەکە وایکردووە لای فارس و عەرەب تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ چەمکەکە نەبێت. سەرەتای بەکارهێنانی ئەم چەمکەش بۆ کانت دەگەڕێتەوە، توێژەریش بۆچوونی گوڵدمان کە پێیوایە داهێنان سروشتێکی کۆمەڵایەتیانەی هەیە، بە جیهانبینی دەستەجەمعیانە دەداتە قەڵەم، هاوکات تێکستی ئەدەبی و هونەری وەک جیهانبینی دەبینێت کە دیاردەیەکی هۆشیاری گشتیە، بۆیە توێژەر سێ ئاراستەی ڕوانین لە جیهانبینی دەخاتەڕوو:

١ـ جیهانبینی کۆمەڵ و گروپ کە لەسەر تاک ڕەنگدەداتەوە و بێ ئاگا و بەئاگا وەریدەگرێت. [ئەمانە ڕوانینی کەسی بیرمەند و داهێنەر فەرامۆش دەکەن]

٢ـ جیهانبینی ڕوانینی تاکەکەسە بۆ جیهان و بوون و کۆمەڵ.[ئەمانیش ڕۆڵی دۆخی کۆمەڵایەتی و سەردەم و ئاراستە فەلسەفییەکان لەسەر تاکەکەس لەبەرچاو ناگرن]

٣ـ جیهانبینی ڕوانینی تاک یان گروپە لە دۆخێکی دیاریکراودا. [ئەمانیش سنووری هەردوو ئاراستەکە ڕۆشن ناکەنەوە].

زمان مادەی بنەڕەتی جیهانبینییە وەکچۆن شیعر جیهانبینیی شاعیرە لە ڕێگەی زمانەوە دەردەکەوێت. لای گوڵدمان تاک لە خۆیدا بە جیهانبینیەکەیەوە کۆمەڵێکی بچووککراوەیە، لێرەشەوە ئاماژە بە یەکێتی و ناتەبایی تاک لەگەڵ جیهانبینی باوادا دەکات کە دوو جۆر جیهانبینی هەیە: (گشتی/ زاڵ، تایبەت)، جیهانبینی زاڵ زۆرکات لەلایەن فەیلەسووف و شاعیر و کەسی داهێنەرەوە پێشێل دەکرێت و دەشکێنرێ تا جیهانبینی تایبەتی دابهێنێت؛ چونکە جیهانبینی گشتی هەمان ئایدۆلۆژیا و ئاین و زانست..لەبەرامبەرا جیهانبینی تایبەت ڕوانین و گۆشەنیگای هەبوویەکی تایبەتمەندە کە هێشتا چوارچێوە و ناو و فەلسەفەیەکی تایبەتی نییە و لە قاڵب نەدراوە. دواتر جیهانبینی ئاین و پێناسە و پێکهاتە و هەردوو پایەی ڕەها و پیرۆز کە ئاین لەسەری وەستاوە، باسکراوە. هەروەها بەپێی بۆچوونی سواح دیاردەی ئاینی لە هەرسێ ئاستی (ئاینی تاکەکەس، کۆمەڵ و دەزگا)ی جیاکردووەتەوە. پاشان باسی چەمک و زاراوە و مێژووی میتافیزیک لە قۆناغەکاندا کراوە، کە توێژەر پێیوایە هێندەی کۆنیی فەلسەفە میتافیزک کۆنە، بەڵام کتێبخانەی کوردی تیایدا هەژارە، دواتریش بۆچوونی هایدیگەر کە پێیوایە فیزیک لە یۆناندا واتای بوونی داوە، بەڵام دوای ئەرستۆ گۆڕاوە بۆ سروشت و بوون لەبیرکراوە. بۆیە پێناسەی جیاوازی بەپێی قۆناغ و فەیلەسووفەکان بۆ کراوە، فواد زەکەریا دەڵێ: لای ئەفلاتون زانستی ناسینی ئایدیاڵەکانە، لای ئەرستۆ زانستی هۆکارەکانە، لە ئەفلاتونیزمی نوێدا زانستی یەکبوونە، دیکارت، زانستی نامادی، سپینۆزا وەک جەوهەر دەیبینێت...کانتیش وێڕای ڕەخنەگرتن لێی، بەڵام دواجار دەگەڕێتەوە لای میتافیزیک و پێیوایە ئەو منداڵە بەنازەی عەقڵمانە و وەکچۆن بێ هەوا نازین ناشتوانین بێ میتافیزیک بژین. دواتر توێژەر باسی بوون لای فەیلەسووفان و بەتایبەت بوونگەراکان دەکات، جۆرەکانی میتافیزیک دەخاتەڕوو. توێژەر پێیوایە لە زۆر پرسدا ئەم دوو جیهانبینییە هاوبەشن؛ بەڵام دوو جیاوازی بنەڕەتییان هەیە:

١ـ لەرووی بونیاد و میتۆدەوە جیهانبینی ئاینی لەسەر (پیرۆز و ڕەها) پایەکانی خۆی داکوتاوە، ئەمەش باوەڕ و ئەفسانەی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئاینی دەستەجەمعی کردووەتەوە، بەڵام میتافیزیک لەسەر تێڕامان دامەزراوە.

٢ـ ئاین، کۆمەڵ دەبێت بەخاوەنی و ئاراستەی دەکات، بەڵام میتافیزیک، بیرکەرەوە و فەیلەسووف خاوەنین و میتۆدی بۆ دادەهێنن. لە کۆتا بەشی ئەم دەروازەیە هەرسێ پرسی مەرگ، ڕۆح و گیان و خودا کە پرسی هاوبەشی هەردوو جیهانبینین، باس دەکات. لە پرسی مەرگدا بۆچوونی ئیبراهیم زەکەریا دەهێنێ و دەنووسێ، مرۆڤ دەبێت بمرێ نەک لەبەرئەوەی نەخۆش یان پیر دەبێ، بەڵکو لەبەرئەوەی لەدایکدەبێ و دەژی. توێژەر باسی مەرگ لە ئەفسانە و ئاین و فەلسەفەدا دەکات، دەڵێ لە بیرکردنەوەی کۆندا مەرگ بە گیان و دەروونەوە دەبەسترایەوە و لە ئایندا بە خەو چوێنراوە و لە هەرسێ ئاینی یەکخواییدا مەرگ بە زیندووبوونەوەوە بەستراوە. لە فەلسەفەی کۆندا مەرگ کۆتایی نییە، هەرچەند ئاراستەیەکی ئەپیکۆری هەیە بە کۆتایی دەزانێت کە دەڵێ تا لەژیاندایین مەرگ نییە، کە ئەو هات ئێمە نین، فیگنشتاین پێیوایە ئێمە ئەزموونی مەرگ ناکەین، لای بوونگەراکان مەرگ کۆتایی مرۆڤە، لایەنی گرنگی مەرگ ئەوەیە تاک بەرەو ڕەسەنبوون بانگ دەکات؛ چونکە تاک بەتەنیا ئەزموونی مەرگ دەکات و کەس ناتوانێ لەبری کەس ئەزموونی بکات. توێژەر چوار جۆری مەرگ باس دەکات: (کولتووری، من، پیرۆز و دوژمن). هەروەها باسی گیان و جۆرەکانی لە ئاین و فەلسەفەدا دەکات، ڕێبازی ئەفلاتونی و دیکارتی جەخت لەمانەوەی گیان پاش مەرگ دەکات، بەڵام ئەرستۆ بەپێچەوانەوە. لە کۆتاییدا توێژەر پرسی خواو بەڵگەکانی بوونی لەئاین و فەلسەفە جیاوازەکاندا باس دەکات.

دەروازەی دووەم، توێژەر بەپێی سێ پرسەکە بۆ سێ بەشی دابەشکردووە، سەرەتا باسی هەردوو جیهانبینی گشتی و تایبەتی گۆران دەکات، لە جیهانبینی گشتیدا ئاماژە بە ئاراستەی ئەو شیعرە ناسیۆنالیست و چەپگەری و کولتووریانەی دەکات کە دەقەکانیان بونیادناوە. لەبەشی یەکەمدا باسی دوو دەستە شیعری گۆران دەکات کە مەرگ پاڵنەری بوون: نۆ شیعری بۆ مەرگی دۆست و هاوڕێو خەباتگێڕەکانی نووسیوە. ئەوانەش کە تێڕامانن لە خودی مەرگ شەش شیعرن. لە شیعری "شیوەنی گوڵاڵە" گۆران دەڵێ:

> چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم
> چ زوو مردی چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟

خێرایی مەرگ وەک کەوتنەخوارەوەی بەردێک بۆ ناو گۆم دەبینێ و مەرگیش بریتییە لە کەوتنە ناو گۆمی عەدەم. بۆیە شاعیر لە دێڕێکدا هەردوو ئاستی خۆشیو شیوەن کۆدەکاتەوە تا مەرگ تۆختر نیشانبدات:

> بە ئۆخەی تەڕنەبوو لێوم، وتم: ڕۆ!

هەروەها باسی گوتار و توانای شاعیر بۆ بەرزکردنەوە و هاوسۆزی مەرگی پیرۆزی دۆست و خەباتگێڕان، لەبەرامبەردا بچووککردنەوەی مەرگی ناحەزان دەکات. هاوکات باسی هەماهەنگی سۆز و تێڕامان و مۆسیقای شیعری گۆران لەپرسی مەرگ لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)دا دەکات:

> هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەر زەمینێکین
> هەموو دێین و دەڕۆین..تاکو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین

لێرەدا لەدایکبوون و مەرگ سەپێنراون و ژیانیش وەک بڕینی ڕێگایەک بەرەو مەرگ وێناکراوە. هاوکات باسی مەرگی سروشت لە شیعری گۆراندا دەکات:

> تەبیعەت زەرد و ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە،
> نیشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی درشتایە!

ئەمە کە بەیتی کۆتایی شیعرەکەیە، توێژەر پێیوایە مەرگ چیرۆکی سروشت و خودئاگایی شاعیریش سەبارەت بە مەرگ و بەکەسکردنی سروشت نیشاندەدات. لەبەشی دووەمدا پرسی (گیان) لای گۆران باسدەکات کە زۆرکات پەیوەستکراوە بە مەرگەوە، بەتایبەت لە دەقی "قالە مرد" ، بەڵام لە دەقی "گیان"دا چەمکی گیان بنەڕەتیە و توێژەریش بەراوردی ئەم دەقە بە هەردوو دەقی شێخ نووری و بارباوڵد دەکات، جیایی جیهانبینی گۆران بۆ گیان کە لە جەستە جیادەبێتەوە و ون دەبێ بەڵام جەستە دەمرێ؛ لە دەقەکانی دی دەردەخات. هاوکات لایەنێکی دیکەی کاری توێژەر هەوڵدانە بۆ گەشەی جیهانبینی شاعیر بەپێی کات کە هەوڵیداوە بەپێی کاتی نووسینی دەقەکان دیاری بکات. سەبارەت بە پرسی خوداش کە بەشی سێیەم و کۆتاییە، توێژەر باس لەوە دەکات کە ئەم پرسە بەشێوەی ناڕاستەخۆ باسکراوە، لێرەشدا کاری لەسەر دەقی "بۆ بلبل" کردووە و جیهانبینی گۆرانی بۆ پرسی مەرگ و خودا نیشانداوە. توێژەر بەراوردی خۆی و بولبولی کردووە؛ مرۆڤی بە ژیانێکی ناهاوشێوەی ژیانی سروشتیانەی بولبول دیاری کردووە، لەبەرئەوە مرۆڤ خاوەنی هەست و ئاگاییە بە تراژیدیای بوونی:

> بەڵام داخی داخانم،/ من مەل نیم و ئینسانم

توێژەر پێیوایە ئەم بەیتە لەخۆیدا کۆی جیهانبینی شاعیری لە 58 بەیتی تەواوی شیعرەکەدا خڕکردووەتەوە، لەبەرئەوەی جیاوازی سروشت کە بوونێکی هارمۆنیو شادیهێنەری هەیە، لەگەڵ مرۆڤ کە بوونێکی ئاگامەند و تراژیدی هەیە؛ دەردەخات، ئەمەش وایکردووە شاعیر لە کۆتاییدا لەبری منی شاعیر و تۆی بولبول، ئێمەی گشتی بەکاربهێنێت:

> ئێمە عومرمان تاسەر،/ ئەندێشەیە و دەردیسەر

لە کۆتایی شیکردنەوەی دەقەکەدا توێژەر ئاماژە بە ڕوانینی شاعیر بۆ خودا دەکات کە جیهانبینی گۆران بۆ خودا لە ئاین و کولتوورەوە وەرنەگیراوە؛ لە بەرپرسیارێتی تراژیدیبوونی مرۆڤیش ناڕاستەخۆ خودا بەرپرس کراوە. لەبەرئەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا کە حەوت خاڵە، ئاماژە بە ئەفرێنەری خودا بۆ بوون و مرۆڤ و جوانی، بە تایبەت سروشت و ژن دەکات. هاوکات خودا ڕەهایە و دواجاریش بەرپرسی مەرگی مرۆڤە و ئەمەش جوانی تێکدەرە، کە شاعیر هەوڵیداوە بەهۆی شیعرەکانییەوە ئەم مەرگە جەستەییە تێپەڕێنێ و بەشێوەیەکی مەعنەوی جەستە تێپەڕکات و بمێنێتەوە.

---

# ئۆتۆبیۆگرافیا و جۆرەکانی دیکەی گێڕانەوە

سەنگەر زراری



ئۆتۆبیۆگرافیا یەکێکە لە هونەرەکانی گێڕانەوە، واتە بونیادی ئەم هونەرە لەسەر گێڕانەوە بەندە. نووسەر دێت ژیانی خۆی بە شێوەی ئۆتۆبیۆگرافیا دەنووسێتەوە. یەکێکە لەو هونەرانەی زۆر بڵاوە، هەوڵێکی باشە بۆ گوزارشتکردن لە سەردەم. چۆن ڕۆمان هونەرێکی نوێیە، هەمان شێوە نووسینی ئۆتۆبیۆگرافیاش هونەرێکی نوێیە. واتە سەرهەڵدانی وەکوو فۆرمێکی ئەدەبی بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. وەکوو زاراوە لە ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ (ئۆتۆبیۆگرافی- autobiography). وشەکە لە سێ بەش پێکهاتووە. (لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، لە خود (Auto) و ژیان (bio) و نووسین (graphie) پێکهاتووە.) [ادلبی: 2008: ص25] کەواتە زاراوەکە هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی ژیانی خود. ئەم هونەرە پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی گێڕانەوەدا هەیە، لەم وتارەدا دەمانەوێ پێوەندی نێوان ئۆتۆبیۆگرافیا و هونەرەکانی دیکەی وەکوو: مێژوو، بیرەوەری (مزکرات)، یاداشتی ڕۆژانە (الیومیات)، دانپێدانان (الاعترافات)، چیرۆک و ڕۆمان ئاشکرا بکەین.

## ئۆتۆبیۆگرافیا و مێژوو

ئۆتۆبیۆگرافیا لە هەناوی مێژووەوە دێت، لە ڕووی مێژووییەوە، نووسەر ژیانی خۆی لە منداڵییەوە تاکوو پێش مردنی دەنووسێتەوە. واتە نووسەر لە مێژووی ژیانی خۆی دەدوێت. ڕەخنەگرێکی وەکوو (ئیحسان عەباس) لەبارەی پێوەندیی ئۆتۆبیۆگرافیا و مێژوو دەڵێت: ((ئۆتۆبیۆگرافیا لە ڕوانگەی کۆمەڵ و پێوەندی کارەکانی بە ڕووداوەکانەوە شتەکان پێشکەش دەکات، یان ڕەنگدانەوەی و کاریگەربوونی پێیانەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئۆتۆبیۆگرافیا مەبەستی مێژوو جێبەجێ دەکات.)) [احسان: 1956 : ص11] . بەڵگەیشمان بۆ ئەو پێوەندییە، چ بیۆگرافیا و چ ئۆتۆبیۆگرافیا لە زۆر ڕووەوە مێژووی ژیانی تاک، یان نەتەوەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، چونکە نووسەر کەسێکی دابڕاو لە کۆمەڵ و ڕووداوەکانی مێژوو نییە، بەڵکوو تێیدا ژیاوە. واتە لەڕێی نووسینەوە وێنەیەکی ڕوونی مێژووی نەتەوە لە زەمەنێکی دیاریکراو پیشان دەدات. بۆ نموونە لە ئۆتۆبیۆگرافیای (کاروانی ژیانم)ی (د.مستەفا زەڵمی)دا، ڕووداوی شۆڕشی چواردەی تەمموزی (1958) بە سەرکردایەتی (عەبدولکەریم قاسم) لە عێراق بەڕوونی باس کراوە، چونکە نووسەر خۆی بەشداری لەو ڕووداوانەدا کردووە. بۆیەش لەڕووی ڕاستبێژی و پابەندبوونەوە ئۆتۆبیۆگرافیا و مێژوو لە یەکدی دەچن، هاوکات کارەکتەرەکانی ناوی وەکوو کارەکتەری ناو مێژوو ڕاستین. هێندە هەیە ئۆتۆبیۆگرافیا پەنا بۆ بیرەوەری و یادگە دەبات، ڕەنگە هێندێک کەس، ڕووداو، یان کات لەبیر بکات، بەڵام مێژوو پەنا بۆ بەڵگە دەبات. کەواتە ئۆتۆبیۆگرافیا چەشنێکی ئەدەبییە و پێوەندی بە مێژووەوە هەیە. هەموو ئۆتۆبیۆگرافیایەکیش ڕەگەزی مێژووی تێدایە.

## ئۆتۆبیۆگرافیا و بیرەوەری

کرۆکی بیرەوەری وەکوو هونەرێکی گێڕانەوە گرینگیدانە بە ڕووداوەکانی دەوروبەری نووسەر نەک خودی نووسەر. بۆیەش نووسەری بیرەوەری زۆر لەبارەی ژیانی خۆیەوە ناپەیڤێت، زۆر لەبارەی خۆیەوە ناڵێت، بەڵکوو ئەوەی لە دەوروبەری ڕوویداوە، لەناو کۆمەڵ، مێژوو ئەوە باس دەکات. بۆیەش بیرەوەری ((گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە لە ژیانی نووسەردا ڕوویانداوە و ڕۆڵی تێیاندا هەبووە. ئاماژە بە هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەکات کە نووسەر بەشداری تێدا کردوون، بینیونی، یان لە هاوسەردەمانی بیستووە)) [جبور: 1984 :246] کەواتە بیرەوەری گرینگی بە ژیانی گشتی لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی نووسەر دەدات، بەڵام ئۆتۆبیۆگرافیا باسکردنی ژیانی مرۆڤە وەکوو ئەوەی هەیە. جوایەزی نێوانیشیان ئەوەیە، بیرەوەری بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان پەنا بۆ بەڵگەی مێژوویی دەبات، بەڵام نووسەری ئۆتۆبیۆگرافیا پەنا بۆ ڕابردوو و بیرەوەری خۆی دەبات.

## ئۆتۆبیۆگرافیا و یاداشتی ڕۆژانە

یاداشتی ڕۆژانە لە هێندێ ڕووەوە لەگەڵ ئۆتۆبیۆگرافیا جودایە و لە هێندێ ڕووی دیکەوە لەو دەچێت. لەو ڕووەوە لە ئۆتۆبیۆگرافیا دەچێت کە ئەوەی پێوەندی بە ژیانی کەسێکەوە هەیە دەگێڕێتەوە، بەڵام لەو ڕووەوە لێی جودایە کە وەکوو ئۆتۆبیۆگرافیا بە شێوازێکی هونەری و مەرجە هونەرییەکانەوە پابەند نییە. سەرەتای گرینگیدان بە یاداشتی ڕۆژانە بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە نووسەرەکانی بڵاویان نەدەکردەوە. لە ئەدەبی ئینگلیزیدا یەکەم دەرکەوتنی یاداشتی ڕۆژانە لەسەر دەستی (ولیەم دوجەیل) بوو کە چلوپێنج ساڵ لە ژیانی خۆی بە یاداشتی ڕۆژانە تۆمار کرد، بەڵام دوای مردنی بڵاوکرایەوە. یاداشتی ڕۆژانە زۆر پابەندی لایەنی هونەری نابێت، هاوکات نووسینی یاداشتی ڕۆژانە زۆر قورس و هونەری نییە. بەڵام توانای گێڕانەوە و ڕاڤەکردنی ڕووداوەکان پنتێکی بەهێزە بۆ ئەوەی لە ئۆتۆبیۆگرافیا بچێت. یاداشتی ڕۆژانە پێداگری لەسەر پێکانی ڕووداوەکان دەکات. بۆ نموونە (یاداشتەکان)ی (ئەلبێر کامۆ) زۆر جوایەزە لەگەڵ نووسینەکانی دیکەی، ئەو هاتووە ڕۆژانە شتەکانی تۆمارکردووە و هێندێ تێبینی نووسیوە سەبارەت بە کارەکانی. لەوێوە زانیاری زیاترمان لەسەر ژیانی ئەم فەیلەسووفە دەستدەکەوێت.

## ئۆتۆبیۆگرافیا و دانپێدانان

ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی ئۆتۆبیۆگرافیا، لە سەدەی هەژدە بەدواوە زۆر باو دەبێت، هەرچەندە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا دانپێدانانی ئاینیمان هەیە، بۆ نموونە دانپێدانانەکانی (قەشە ئۆگەستین). لەبارەی دانپیدانانی ئەم پیاوە ئاینییەوە (یەحیا عەبدولدائیم) دەڵێت: ((سۆفی ئەزموونی خودی خۆیمان بۆ بەیان دەکات، دەگاتە جیهانێک بە ئێمە ئاشنا نییە، لە ناکاو لە ئاگایی دەردەچێت، پێوەندی بە جیهانی ئاسمانەوە دەکات و لە جیهانی ئێمە دادەبڕێت)) [عبدالدائم: 1974 : ص14-13] . لە ئەدەبی کوریدا تاکوو ئێستا کتێبێکی سەربەخۆی دانپێدانانی ئاینیمان نییە، واتە پیاوێکی ئاینی، سۆفییەک کتێبێکی لەم شێوەیەی نووسیبێت، ئەگەر هەشبێت لە چوارچێوەی کتێبی دیکە، لەناو شیعردا نووسراوە و ئاماژەی بۆ کراوە.

## ئۆتۆبیۆگرافیا و ڕۆمان

ئاشکرایە زۆربەی کارە ئەدەبییەکان گوزارشتن لە ژیانی خود، لە ڕۆماندا ئەم خودێتییە خۆی لە یەکێک لە کارەکتەرەکاندا حەشار دەدات. (جۆرج مای) دەڵێت: ئەوەی هەڵوێستی ئێمە لە خوێندنەوەی ئۆتۆبیۆگرافیا بەرانبەر خوێندنەوەی ڕۆمان جودا دەکاتەوە، ئەوە نییە یەکەمیان حەقیقیە و ئەوی دیکە خەیاڵییە، بەڵکوو ئەوەی یەکەم لە بەرگێکی حەقیقی و ئەوی دیکەیان لە بەرگێکی خەیاڵیدا دەنووسرێت. واتە هەموو ڕۆمانێک بە دیوێک لە دیوەکاندا ئۆتۆبیۆگرافیایە، بەڵام لە شێواز و تەکنیکی جوایەز. بۆ نموونە ڕۆمانی (باوک و کوڕ)ی (ئیدمۆند جۆنس) لە هەموو بەشێک لە بەشەکانی ڕۆمانەکە باسی خۆی دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**1. ادلبي (عمر منيب): 2008: سرد الذات- فن السيرة الذاتية , دائرة الثقافة والاعلام , الشارقة , الامارات العربية المتحدة.**
**2. احسان (عباس):1956: فن السيرة , ط 2 , دار الثقافة , بيروت.**
**3. جبور (عبدالنور): 1984: المعجم الادبي دار العلم للملايين , ط 2 , لبنان.**
**4. عبدالدائم (يحيى): 1974: الترجمة الذاتية في الادب الحديث , مكتبة النهضة المصرية , القاهرة.**

# چەند پرسیارێک لە هەناوی قەسیدەی (تەقینەوە)وە

## خوێندنەوەیەک بۆ مانای "مەرگ" لە جیهانی شێرکۆ بێکەسدا

عادل قادری





ئێمە وەکوو "بوون" لە قەوارەی نەتەوە یان زمانێکدا، هەمیشە شەڕ و مەرگ لە دونیاماندا ئامادە بووە. ناکرێت و بوار نییە لە نووسینێکی کورتدا پرس و بابەتێکی بەربڵاو و قووڵ و کەونینەیی وەکوو "مەرگ" و هاوکات پێوەندی لەگەڵ ئەدەبدا تەنانەت تیشکیشی بخرێتە سەر. بۆیە من لێرەدا لەسەر ئامادەیی مان و دەلالەتەکانی مەرگ لە شیعری نوێی کوردی و ئەزموونی گێڕانەوەیی و دیاردەناسانەی شێرکۆ بێکەس لەهەمبەر پرسی مەرگدا، بە تیشک خستنە سەر و لێکدانەوەی هەندێ لایەنی قەسیدەی تەقینەوە، قسە دەکەم.

ئەم قەسیدەیە کە لە هاوینی 1986 دا و بۆ یەکەمجار لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە شێرکۆ خوێندوویەتییەوە، دەشێت کاتێک بێت کە شێرکۆ خۆی پێشمەرگە بووە، واتە هەستەوەری و ئەزموونەکانی زۆر نێزیک بوون لە دونیای بەرگری و جەنگ بە مانا شاخی و بەرهەستەکەی (کە بێگومان لایەنی تایبەتی دەرهەستی خۆیشی هەیە)... مەرگ لای شێرکۆ بە واتای کوشتن و لەناوبردن دێت، واتە ئەوەندەی بەرگری و شەڕێکە لەهەمبەر مەرگ بۆ مانەوە، ئەوەندە مەرگ وشیاری و تێرامان لە واتاکانی مەرگ نییە. هەر لە شانۆنامەی کاوەی ئاسنگەرەوە تاکوو چیرۆکە شیعری مامەیارە... (مەرگ داڵێکی رەشی رمووزنە، باڵ لەخوێنی لەبەر رۆیشتووی گوندەکانم وەرئەدات و بانگی نەهاتەساڵ ئەدات...) تاوەکوو کتێبی ئافات (واتای مەرگ لێرەدا ئەتککردن و کوژاندنەوەی ئاگری ئەهوورامەزدا و بە دیلگیرانی ناهید و ئەتکبوونی هێماکانی موغ و پاکیزەیی... یە) تا دەگاتە کەشکۆڵەکانی پێشمەرگە، ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت. هەروەکوو لەسەرەوەش ئاماژەم بۆ کرد، شێرکۆ لە کاتی نووسینی قەسیدەی "تەقینەوە" لە شاخ بووە، گومانی تێدا نییە وەکوو بەشێک لەو جیهانەی تێیدا ژیاوە بڕێک شتی پەیوەست و نێزیک لە مەرگی ئەزموون کردووە، بۆ نموونە شتە سەرەکی و سەرەتاییەکانی وەکوو ترس و سام و هەراسی مەرگ، بەڵام هاوکات و هاوسات لەگەڵ ئەمەدا بەرگری و کۆڵنەدانی وەکوو مانا و ئانتی تێز و دژەمەرگ ئامادە بووە. ئیدی لێرەوە گێڕانەوەی مەرگ لە پلەیەکی فەلسەفی و پرسیارئامێزدا نەهاتووەتە ئاراوە، ئەوەندەی کە شکۆ و ستایشی مەرگ وەکوو کوژران و گیانبازی بووە، واتە بەم نیگایەوە چەمکی " شەهید"ی لە سۆنگەی خۆیەوە گێڕاوەتەوە. بۆ نموونە لە شیعری ماڵئاواییدا دەڵێت: "هەورازی کووڕ پشتی شاخێکی بە عومرە... بۆ پێشمەرگە دانەویوە... هۆ لووتکەی بەرز!... بەو هەورە تەنیایە بڵێ ... نمەنمە با بباریێ... بڵێ شەهیدێکمان لەگەڵە... زۆر تینویەتی و ئاوی ئەوێ!...) مەرگ لە پێوەندی لەگەڵ شەهیددا لای شێرکۆ واتای شکۆ و ستایش و جاویدبوون دەگەیەنێت بە تەنها! رەنگە بۆ ئەو چەمک و هێمایانەی ناو دونیای ئێمە وەکوو شەهید، پێشمەرگە، دایک، نیشتمان و... هتد، ئەم هەوڵە بۆ ستایش و بەجاویدکردن جوان بێت و درووستیش، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دەشێت بکرێت، ئەوەیە کە ئایا دەکرا تەنیا بەم فۆرمە پێوەندی شەهید و مەرگ بگێڕدرێتەوە؟ ئایا ئەدەبی جیهان پڕ نییە لەو کەسانەی کە دۆستێکیان لە کایەکدا بۆ نموونە ئیگناسیۆ سانچێزۆ میخیاسی دۆستی لۆرکا دەمرێت! واتە دەکوژرێت! بەڵام لۆرکا لە قەسیدەی زامداری ئاو (کاژێر پێنجی ئێوارە...) وا دەیگێڕێتەوە کە پلەی ئەزموونێکی وجوودی سەیر دەداتە توخمەکانی مەرگ و هێمایەکی قودسی سەیر و ئایدیالیستیش لە سانچێزۆ درووست دەکات. ئایا پێشمەرگەیەک کە بەشێوەیەک لە شێوەکان چارەنووسی شەهادەت لەبەردەمیایەتی، لەوە بەرزتر و شایستەتر نییە کە فۆرم و شکڵ و قەوارەی تری جاویدبوون و مەرگڕەوایی بۆ "رووبدات"؟ و ناشێت و ناکرێت روو بدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە روونە. گەر ئەم وتە گشتی و کورتانەم لەبارەی جیهان و ئەزموونی رەوایی شێرکۆ پشتئەستوور بکەم بە توخمەکانی ناو دونیای شیعریی ئەو، بۆ نموونە لێرەدا قەسیدەی تەقینەوە، قەسیدەکە دابەش دەکەمە سەر چەند هێڵی رەوایی کە هەرکام فۆرمێک لە لەحن و زمان ( پرسیاری ئینکاری و باسکارانە "توصیفی" و زمانی پاڵەوانێتی "-hero ism" و شۆڕشگێڕانە و...) تێیدا چیرۆکی بەرگری "خود" (وڵات، خاک، نیشتمان، ...) و "بوون" و "مانەوە"ی خود لە قەوارەی میتافۆرێکی زەق وەکوو پێشمەرگەیەکی نموونەیی و خۆڕاگر و بەرگریکارمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە هەموو ئەو ئەشکەنجە و لێدان و هەڵواسینەی لە رێگەی "بوتڵ" و "پانکە" و "ئوتووی کارەبا"ی بەعسییەکانەوە کراوە، هەر هێمایەکی دیکەی ژیانەوە و جاویداندنەوەی رۆحی کورد و هێماکانی مانەوە و بەرگرییە، رۆحییەت و رۆحانەتی ئەم کارەکتەرە تێکەڵە بە تاڤگە و گوڵ و رووبار و قەڵبەزە و شاخ، ئاوێزانە بە بست بە بستی هەموو وردیلە و زەڕەکانی ناو سرووشتی نیشتمان، وەکوو دەشزانین جیهانی شێرکۆ جیهانێکی پێکهاتوو لە سرووشت و توخمە سرووشتییەکانە.

### بەشی یەکەمی شیعرەکە:

لەبەشی یەکەمی ئەم قەسیدەیەدا شاعیر وەکوو ئەوەی لە خەلسە و فەزایەکی خەونئامێزدا بێت کە تیایدا چاوەڕوانی قەدەر و چەشنێک "هاتن"ە وا دەستپێدەکات:

((ئەوە چرکەچرکی سەعاتی خوێنی چاڵمەی کامە گوندی سەربڕدراوە... ئەگاتە گوێم؟
ئەوە زریکەی کام دارستانی بێوەژنە و قیژەی کام کچە شەپۆلی راونراوە لەودیو چەپەری تەمەوە ئەگەنە گوێم؟ ئەوە هەنسکی کام کانی و پەلکە گیایە؟...))

بەشی یەکەم بە دوو ریزە پرسیاری جیاواز لەیەکدی دێنە ئاراوە ئەگەرچی هەر لە یەک ئایدیا و وێنا دەپرسن، واتە ئەو پرسیارانەی سەرەوە هەموویان لە ژێر یەک پرسیاردا کۆدەبنەوە کە بە پرسیاری دووەم لەدرێژەی ئەم بەشەی شیعرەکەدا تیشک دەخاتە سەر زڕەوەڵام و رووداوێک کە بڕیارە وەکوو قەدەرێک بێت:

((بەم کازیوەی بەیانییە هیچ پەڵەهەورێ مردووە هەتا منیش زەرد هەڵگەڕێم؟.. بەم کازیوەی بەیانییە کە خێر و شەڕ وەکوو دوو ئەسپی رەش و سپی هێشتا لە مێخی تاریکی نەکراونەوە و بەرنەدراون، کێیە ئەگری؟... لە کەناری فرمێسکاوی کام ئاسۆوە خەم هەڵئەفڕێ؟... لە پەنجەرەی رەنگ پەمەیی کام ماڵەوە "شەهید" ئەبێ بە رەشەبا و دەنگ هەڵئەبڕێ؟))

ئەم پرسیارە هاویەک و پڕ وێنانە هەر بەردەوام دەبن لای وەگێڕ یان با بڵێین شاعیر تا دەگاتە شوێنێک کە وەڵامەکە لە ئاسمان دەبیستێ! ئاسمانی هێمای میتافیزیک و قودسییەت چ لە یادەوەری و نەستی نەریت و دەقی پیرۆزی کوردی و چ لە نەستی ئایینی ئیسلامیانەی کۆمەڵگای کوردیدا کە بەرگری لە دەرکەوتەی دووەمیان لەم شیعرەدا بڕێک ئەستەمە! لێرە بەدواوە ئاسمان داکۆکی لە قودسییەت و داهێنان و توانستی ڤەدانەرانە و ئافرێنەرانەی زەوی و سرووشت و خاک و شەقام و وڵات و نیشتمان و کەرکووک... دەکات، کە ئەم مانایانە لە دیالۆگی نێوان ئاسمان، زەوی و شۆڕشدا بۆ خزمەتکردن بە گێڕانەوەیەکی قودسی مانیفێست دەبێت:

((ئاسمان وتی: ئەوە زەوییە وا ئەزێ. زەوی وتی: ئەوە شاخە ئەڵێی مایینی ئاوسە و ژان بە جوانووی شۆڕشەوە ئەگرێت. شۆڕش وتی: ئەوە خاکە ئەحیلێنێ، ئەوە ئاوە ئەقیژێنێ.))

هەر وەک دیارە و لە درێژەشدا دەیخەمە روو، رێگاکانی ئاسمان دێنەوە زەوی! ئاسمان لەهەمبەری گێڕانەوەی راوی کە مەشرووعیەتی تەواو دەدات بە شاخ و شۆڕش پاشەکشێ دەکات، بەڵام لێرەدا سرووشت و خاک و نیشتمان دێتە جێگەی ئاسمان بە قودسییەتی زەمینیانەی تایبەت بە خۆیەوە:

((ئەوە شەقامە وەک دەستم ئەبزوێت و وەکوو سەرم ئەگرمێنێ! ئەوە خەمە نەوتاوییەکەی ناو کەرکووکە بووەتە شاپڵیتەی پێشمەرگە و شارەڕقی تیپەکانم ئەوروژێنێ! شاخە و ئەزێ و بێشەی ئەبێ! خوێنە و ئەزێ و مێژووی ئەبێ! هەموو ساڵێ لەم وەرزەدا بومەلەرزەی بابەگوڕگوڕ کوڕی وەکوو مامەریشە و دارای ئەبێ، هەموو ساڵێ لەم وەرزەدا رەحیم ئاوا و ئیمام قاسم، دوو زاوای کەواو سەڵتە لەبەری رەشتاڵەن و جریدبازی و ئەڵڵاوەیسی و قەتاریانە و بەدەم قریوەی خوێنەوە بووکیان ئەوێ!))

تێکەڵکردنی تێم و توخمگەلی فۆلکلۆر لە مەقام و بەیت و رێوڕەسمی کەونینەی کوردی و گرێدانیان بە خوێن و بووکەوە واتای قودسییەتی زەمین دەبەنە چڵەپۆپەی خۆی، بەتایبەتی ئەگەر پێوەندی واتایی نێوان بووک و خوێن (وەک هێمایەک لە تابۆییسم و قوربانی و پێشمەرگە و باکیرەبوون و پاکیزێتی تاکوو تێڕوانینە ئایینی و فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خوێن) و ئەو بەیت و رێوڕەسمانە... لەبەرچاو بگرین. لەم بەشەدا ئێمە شایی خوێن و جاویدبوونی کوژران و فوارەدانی ئەبەدی خوێن دەبیستین! لە درێژەدا راوی خۆی وەکوو بڵێی خوێنێکی بێڕەنگ و "ئاوی" یە دەخشێت و جاری دەبێت و دەچرێت:

((هاتم بۆ لات، جۆگەیەک بووم شوێنت کەوتم، لامدا و خۆم دا بەدەم رووبارتەوە، رووبار کردمیە قەڵبەزە و قەڵبەزە کردمیە تاڤگە و لەچاوتەوە رژامە ناو هەناوتەوە، لەوساکەوە بەژنی شیعرم بەقەد تاڤگەکەی "بێ خاڵ" کەڵەگەتە، لەوساکەوە کە برپڕەی پشتی شیعرم بووە بە شاخ، قەڵەمم بووە بە پێشمەرگە...))

لە درێژەدا شاعیر تێکەڵاوی و مەسخبوون و توانەوەی خۆی وەکوو کەسێک کە جیابووبێتەوە لەو "ئەسڵی خۆیە" (بە واتا مەولانایەکەی) لە قەوارەی عاشقێکی خوێن "وەبەرکەوتوو" دەگێڕێتەوە:

((عاشقێکی رووتەڵە بووم، تەنیا بووم و تەنیا نەبووم، ئەرخەوانم بەرێگاوەم، کتێبخانەم بەرێگاوەم.. بەرێگاوەم وەکوو گوڵجاڕی سەرترۆپک... تەوێڵم سوور... لە ئەشکەنجەدا پشکوتووم... لای بوتڵ و کێبڵ و ئوتووی کارەباوە هاتووم...))

هەر وەک دەبینین لەم دێڕانەدا تێکەڵبوون و توانەوەی دوو توخم بە زەقی دیارە. دەشێت راوی و پێشمەرگە، راوی و نیشتیمان، راوی (لەپێگەی پێشمەرگە) و نیشتمان (زەوی)، راوی و ئاسمان (وڵات) بێت کە هەموویان لە ڕۆحانەتی پێشمەرگەیەکدا کە بە پانکە و بوتڵ و ئوتووی کارەبایی خوێناوی کراوە، تێکەڵ و چڕ دەبنەوە و تەعبیرێک لە نەمری و ژیانەوەیەکی ئیستاتیکی حەماسییانە وێنا دەکەن و لە درێژەدا ئەم تێکەڵبوونە نیگار دەکات و لە قەوارەی بەرهەم و دەسکردی دونیای رۆحی و هونەریی کورددا دەیخەملێنێ:

((پەڵەپەڵەی لەشی شین و لەشی مۆری رەنگ کراوم، جاجمی ماڵە رەوەندە... نیگاری گوڵی سێ گۆشە و نیگاری گوڵی چوارگۆشەی بەڕەکۆنی ماڵە کوردە ...))

"جاجم" و "بەڕەکۆن" کە نیگاری سوور و شین و مۆریان تێکەڵە، هەر هەمان پشتی پێشمەرگەی ئەشکەنجەدراوە بە کێبڵ و ئوتووی کارەبا و پانکە کە لێرەدا وەکوو ئاسەوارێکی جاوید و هونەری و ئیستاتیکیانە ماوەتەوە و کورد لەگەڵی دەژی! دەشێت وردە ئاماژەیەکیش بێت بۆ مێژوویەک، واتە لەو ساتەوە کە کورد جاجم و بەڕەی درووستکردووە و خەون و حوزن و شکست و خوێنەکانی تێدا نیگار کردووە و بە وشە و لەقەوارەی "هەودا" و "بەن" هەڵیبەستووە! لە راستیدا بۆ من هەڵدەگرێت لەسەر ئەم قەسیدەیە نامیلکەیەک بنووسم، بەڵام لێرەدا بۆ چوونە ناو بەشی کۆتایی ماناکانی مەبەستمان لە قەسیدەکەدا، بەپێویست دەزانم چەند خاڵی گشتی بخەمە روو، دواتر بپەرژێمە سەر بەشی دووەم (کۆتایی قەسیدەکە).

1 - ئەم قەسیدەیە هەڵگری توخمگەلی کۆنەچەشن (ArcheType)، فۆلکلۆر، رەگەزی پاڵەوانێتی و حەماسە، قودسییەت و خوێن و زۆر شتی دیکەیە.

2 - دەشێت خوێندنەوەی تری لێبکرێت و ئاراستەی نیشانە و هێماکانی ناوی قەسیدەکە بە ئاقارێکی تردا بکشێت.

3 - ئەو خاڵانەی لەمەڕ پرسی مەرگ و جیهانی وجوود و دەرهەستەوە پەیوەست بەم قەسیدەیە باسم کرد، بۆ شیعرگەلێکی وەکوو کەڵ، شایی شەهید، میوانیش هەر راستە و خوێنەر دەتوانێت بۆ بەرچاورونی و تێگەیشتنی باشتر و زۆرتر ئەو شیعرانەش لەبەرچاو بگرێت.

### بەشی دووەم:

بەشی دووەم سات و کاتی شەڕی دەستەویەخە و پاڵەوانێتی و چنگ لە چنگ هەڵپێکانی نێوان مەرگ (کوژران، ئەشکەنجە و...) و ژیانە. وەرزی زۆرانبازی نێوان مەزدە و ئەهریمەنە، بۆیە دەڵێت:

((لەیەک وەختا وەرزی راپەڕینی خاک و جمان و هەڵسانی شیعر و تەقینەوەی کانیاو و شۆڕشی بەفر و باران بوو... لەیەک دەمدا پێکدادانی زام و چەقۆ و قوربانی و پەت و سێدارە و بەندیخانە و تیشکی خۆر بوو.. دوو دوو وەرزی زۆرانبازی نێوان مەزدە و ئەهرەمەن بوو! رەش و سپی، تاریک و روون، پێشمەرگە و جاش... شیعری مەرد و شیعری نامەرد...))

هەروەک دیارە بنەمای بیرۆکەی گێڕانەوەیی ئەم قەسیدەیە لەسەر فیکری چاکە و خراپە یان یین و یانگی چینی و... بەگشتی دوالیزم دامەزراوە. لە درێژەدا "بەغا" وەکوو سەرچاوەی ئەم مەرگ ئانینە (کوشتن و کوشتاندنە) دەبێتە هێمای شەڕ و ئەهریمەن کە بە شمشێری زێڕینەوە لە هەمبەر رۆح و شیعری مەرد شکست دەهێنێ و ترۆ دەبێت:

((سوڵتانی کۆشک دەست بە شمشێری زێڕین بوو، لەکەژاوەی ئاوریشمیندا، لەناو هۆڵی ئاوێنەبەندی نگینیدا، شیعری خەساوی لێوکوتراو دەوریان ئەگرت...))

لێرە بەدواوە وەکوو روون دەبێتەوە ئاست و فۆرمی زۆرانبازییەکە دەکەوێتە نێوان دوو شێواز لە بوون، واتە دوو شێواز و دوو "زمان" لە شیعر!

((... جادووگەر بوون، سیحربازبوون، لەبەردەمیا ئاردی شیعریان ئەکرد بە کۆتری تەقلەباز... لە پایتەختی قوتووی شیعری بەعسیانا، مەگەر دەگمەن کەم شاعیرما.. ئەتکی دیوانی خۆی نەکا...))

لە درێژەدا:

((ئێستە وەختی زەنگ لێدانی شیعری مەردە، وەختی خرۆشانی پوورە گوللە و پوورە وشەی شار و هەردە... وەرزی رووبەڕووبوونەوەی چاوی ئێمە و چاوی گەشی شەهیدانە، وەرزی نارنجۆکی شیعر و تەقینەوەی دینامیتی حەرفی فەرهەنگ و زمانە. ئەی خەزاڵی کراس و کەوا خوێناوی قژهەڵکەنراو! لەم زەمانە بێ عارەدا، لەم زەمانە بێ بنەدا، لەسەردەمی ئەم تەتەر و بەربەر و فیرعەونەدا... ئەگەر شیعر وەک رەشەبای سلێمانی تیژ هەڵناکات شیعر نییە...))

ئەم شەڕە بە ناوی کارەسات و خوێنی پاکیزەکانی وڵاتدا هاتووە و شیعر دەیکات:

((خانزادی دایک، خانزادی یار، خەجی لادێ، شیرینی شار، لە سەردابی قادسییەی ئەم شەوەدا بوون بە دۆشەکی ئیسفەنجی ژێر قەعقاع و شتەماڵ و خاولی حەمام...))


ئێستە لە درێژە دا دەپرسێت/ دەپرسین!:

((خاولی حەمام... پاڵەوانی چیرۆک چێکا؟! شانۆ سووتا ئەکتەر چێکا؟! ...ئێستە وەختی کوشتنی شیعری خائینە... خوێن رابەرە... بوومەلەرزەی بەرەژانی قەندیلێکی تازەترە...بەرێگاوەم لێرە شیعر بۆتە چیاو و ئێستە ناوی کۆرەنگە و وشە بە وشەم سەنگەرە... ئەی خەزاڵی وشەی روو سوور... گەر شیعر بۆ تۆ نەسووتێ، بۆچی شیعرە؟!))1

خەزاڵی وشەی رووسوور وەکوو هێمایەک لە خوێن و جوانی و بەدۆشەکبوونێکی هێمایین بۆ قەعقاع و... بەبیرهێنەرەوەی ناهیدە لە ئافات و لە شیعری "ئاوابوون و بومەلەرزەدا"...خەزاڵ لێرەدا زۆر شتە... کۆتاییەکی جوان و چڕکردنەوەی هەموو واتاکان لەو خوازە کۆییەدا کە شیعر دەبێت "بوون"ی بگێڕێتەوە و جاویدبوونی تۆمار بکات... بەڵام خەزاڵی وشەی رووسوور تەنها ناشێت ئاماژەیەکی مەجازی بێت بۆ "تێم و واتایەکی جوان و ئیستاتیکی (وشەی رووسوور)" بۆ جیهان و زمانی شیعر... بەڵکوو خەزاڵی وشەی رووسوور کۆمایەک لەو واتا و مەدلوولانەیە کە لەم نووسینەدا باسم کرد، خەزاڵ هەموو شتێکە بۆ شیعری مەرد! وڵات و تاڤگە و خاک و جەنگاوەر و قەڵبەزە و جریدبازی و جاجم و مافوور و... بە گشتی خەزاڵی وشەی رووسوور واتە هەموومان! لە شێرکۆوە بۆ ئێمە! بەم واتایە هەموومان زیندووین! بەڵام دەشێت لەئاست هەراس و سامی کەونینەیی مەرگدا هەمیشە پرسیار ئامادە بێت، ئایا زیندووین؟ چ فۆرمێک لە زیندووبوون و ژیاندن خەریکین ئەزموون دەکەین؟ ئایا خەزاڵی وشەی رووسوور ئێستە دەنکە گوڵی شین و مۆر و سووڕهەڵگەڕاوی جاجمی ماڵەڕەوەند و بەڕەکۆنی کوردە؟ یان خاولی و حەمام و دۆشەکی ژێر قەعقاع لە سەردابی قادسییەدا؟ ئایا خەزاڵ رۆحانەت و مانایەکی بزۆز و سەیالە لە عەشق و ماڵ و ژیانماندا دەگەڕێت؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری تر دەتوانن پەیوەست بە پرسی مەرگ لە گۆشەنیگایەکی ترەوە لە هەناوی ئەم شیعرەدا بکرێن بە پرسیار. بۆیە ئەگەر هەموو وەڵامەکانیشمان بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە ناخی دەقەکەدا دەرمهێنان باش و ئەرێنی بە واتای مانەوە و ژیاندنی ئیستامان لە قەوارەی خەزاڵی رووسوور (پێشمەرگە، وڵات، خاک، ...) دا بێت، دیسان دەشێت ئەم پرسیارە فەلسەفییە بە نیسبەت مەرگەوە بکەم کە ئەم ژیاندنە تا چەندە ئەزموونی مەرگە و چەندەش پێی لەناو ژیانە؟ ئایا هێشتا چۆن بیر لەمەرگ دەکەینەوە؟ دەتوانین بە فۆرم و شێوەی-تر بیری لێبکەینەوە؟ وەکوو کوردێکی گیرخواردوو و پارچەپارچە کراو و جەنگزەدە بیری لێ دەکەینەوە یان وەکوو مرۆڤ؟ مانای مەرگ کەی لە مەدلوولی کوژرانێکی بەرهەست و قەوارەی بوونێکی سیاسی دادەتەکێت و واتایەکی وجوودی و ئۆنتۆلۆژییانە وەردەگرێت؟ دەشێت سۆراخی دەق و ژێردەقەکانی جیهانی کورد بکەین. کورد وەکوو مرۆڤ نەوەکوو کایەکارێکی سیاسی!

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1 ـ دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم1986-1974



„ڕامانێک لەدنیای شێوەکاریی هونەرمەند عومەر دەروێش“

# هەڕەشەکردن لە خەونی شارەکانی ڕەنگ

نیهاد جامی - پۆڵەندا




دنیای شێوەکاریی هونەرمەند عومەر دەروێش، ئامادەبوونەوەی مرۆڤەکانی ناو ژیانە، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ دوالیزمەکانی ژیان و مەرگ، ئامادەبوونی هونەر ونبوون دەگۆڕێتە سەر نەمری، هێزی ژیان گەڕانەوەی مانایە بۆ ناو جوانیی کوژراو، کوشتن لە هەردوو ئاستی جەستەیی و فیکرییەوە، تابلۆی شێوەکاری دەکاتە ڕووبەرێک بۆ ئەوەی بتوانین ئاسۆیەک لەناو ڕەنگدا بدۆزینەوە، ئەگەر کوشتنی ژن پاساوی کەوتنی بەهای مرۆڤ بێت، ئەوا لەڕێگەی فیگۆری ژنی کوژراوەوە بەها بۆ جوانی دەگەڕێنێتەوە، لەو کاتەدا ڕووبەری مەرگ دەگۆڕێتە سەر ڕەنگی شین، شین کە چەندە دەلالەتە بۆ زەوتکردنی ئارەزوی ژیان لە جەستە، لەهەمان کاتدا دەلالەتی ئاو دەبەخشێت، ئەوە پاکیزەی دۆخی ژنبوونە کە دەچێتەوە سەر پەڵە هەورێکی ئاسمان، بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگی شینە نەبێتە ڕووبەرێکی ناتەواو، لە بەرزایی ئەودیوی فیگۆرەوە پەڵەی خوێنی ڕژاو دەبینین، ئەگەر ڕەنگی شین گوزارشت لە شینبوونی جەستە و شینگێڕان بێت بۆ جەستە وەک گەمەیەکی زمانەوانی لەتەک ئەو ڕەنگەدا، لەهەمان کاتدا دەبێتەوە ئاو و هەور، ئەوا لەناو ڕەنگی شین کاتێک سوور دێت، چەندە ئاماژەیە بۆ خوێنی ڕژاو، هێندەش خوێن وەک گوڵی سوور خۆی دەخاتە ڕوو، بۆیە کوژرانی جوانی لەڕێی کاری هونەرییەوە ڕێگای نادرێت ببێتە یادەوەریی لەیادکراو، هونەرمەندەکەمان دێت دەیکات بە ڕەنگ و لەنێو فیگۆری کارەکتەرە کوژراوەکاندا بەرجەستەی دەکاتەوە.

دەروێش تابلۆ لەڕەنگەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو ئازار.. ئازار ئاماژەیەکی زەمەنیە، سلێمانی وەک شوێن و کارەکتەرێکی کە نووسینەوەی ڕەنگە، بۆیە کاتێک شێرکۆ بێکەس دەکاتە وێنەیەکی ئەو مرۆڤە، شێرکۆ دەبێتە شاعیرێک لە ناو نیشتیمان و مەنفییەکی نیشتیمان، ئەوە ڕامانی دوای مەرگ نییە هێندەی حەسرەتی سووتانی هەڵەبجەیە وەک خاک، دەبێتە دەربەندی پەپوولە. کۆی ئەزموونی شێرکۆ دەبێتە ڕامان لەناو گۆڕستانی چراکان، لەم شاری ڕەنگەی عومەر دەروێشدا زۆرن ئەوانەی لەوێن و شێرکۆ لێیان دەڕوانێت، عەبدولخالق مەعروف و نالی و حاجی قادر و عاشقانی قوربانی و حەمە بچکۆلی بۆیاغچیش چاوەڕێیە پێلاوەکانمان لەوێ بۆیاغ بکات، بەڵام لە شاری ڕەنگ کەس پێڵاو بۆیاغ ناکات و ئەویش دەبێت بە شاعیرو عاشقی کچی خانوویەکی پرتەقاڵی دەبێت و خەونی شێرکۆ لە حەسرەتەوە دەکات بە زیندەگییەکی شاعیریانەی ڕەنگدان.

عومەر دەروێش هونەرمەندێکی خەونبینە بە جوانییەوە، ئەو لە بنەڕەتدا هونەرمەندێکی نێو کێشوەری ڕەنگە، لەناو جوانیدا رادەمێنێتەوە، بۆیە دۆخێکی سروشتیە کاتێک دەبینین دەیەوێت لەڕێی تابلۆوە تەئویلی دەنگی هونەرمەند تارا جاف بکات، بەڵام تێگەیشتن لە دەنگ هەوڵێکی بێهودەیە، بۆیە ئەویش نایەتە ناو ڕاڤەی ژنە، لێرە ژن وەک ئاماژەیەکی ژیاری دادەنیشێنێت بۆ وێنەگرتنێک کە ڕۆژگارێک بە وێنەی شەمسی ناسیومانە، ناسینێک بۆ ساتی هەنووکە.. ئەوە وەستانی زەمەنە بۆ پاراستنی ڕۆژگارێک، بەڵام ئەو یادەوەرییە لەناو ئێستادا درێژ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی سنووری فۆتۆگرافی تێدا ببەزێنێت، بەبێ ئەوەی دەستکاری بونیادی زەمەنی بکات، لەڕێی تۆن و ڕەنگ و فیگۆرەوە.

ئەوەش بەتەنیا لەناو تابلۆیەکدا نامێنێتەوە، بەڵام لە فۆرمی جیاوازدا دەیەوێت مانای تر وەربگرێتەوە، پەیوەندی مرۆڤ و شوێن،




مۆسیقاکەیەوە، هێندەی لە تێگەیشتنی هونەرییەوە دەیەوێت ئەو ڕۆحی برینەی ناو یادەوەری ئیمە لەڕێگەی مۆسیقا و دەنگی تاراوە لە تراژیدیای نەتەوە وەک یادەوەری و نائومێدی وەک ئێستای مرۆڤی کوردی وێنا بکات.

مرۆڤ کاتێک شوناسی خۆی گەڕاندەوە بۆ هاوولاتی کێشوەری جوانی، ئەو کاتە لە ترسێکدا دەژییێت، ترس نییە لە جەستە، ترسە لە زەوتکردنی خەون و کێشوەرەکەی، عومەر دەروێش یەکێکە لە هاوولاتیەکانی کێشوەری جوانی، بۆیە ترس لە خەون هەڕەشەیە لە شاری ڕەنگ، ئەوەش لەناو یەکێک لە تابلۆکانیدا هەستی پێدەکەین.

لەپشت کارەکتەرێکەوە کە بنمیچێکی سووری لەملە و لە بنەڕەتدا خوێنێکە، شارێک لە ڕەنگ دەبینین، ئەوە خەونی جوانترکردنی دنیایە، بارستاییەکان جەستەی نائاسایی نیشان دەدەن، جەستە ئاساییەکان لەناو خانووەکانی ڕەنگدان، ئەوەی لە شارەکان.. لە کۆلانەکان هەیە ئەوانیترن، ئەوانەی خەونبین دەکوژن، خەونبینین بەم شارانەوە بۆ جەستە نائاساییەکان کە ئامادەبوونیان وەک فیگۆرو کارەکتەری ترسناک بۆخۆی هەڕەشەکردنە لە خەون و زەوتکردنی شارەکانی ڕەنگ.

لێرەوە عومەر دەروێش وەک هونەرمەندێک لەوە وریامان دەکاتەوە، خەونبینین بە شارەکانی ڕەنگەوە سزاکەی مردنە، جەللاد کارەکتەرێکە لەوە دەرچووە مرۆڤێک بێت. ئەو لەناو شارەگەکانی دەسەڵاتدایە، بێ باکانە بەناو کۆلان و شارەکانماندا دەسوورێتەوە، هەیمەنەی ناو ژیانی هەیە، بۆیە هەموو خەونبینینێک بە ڕەنگەوە، بە کوشتنی خەونی ڕەنگ کۆتایی دێت، تاوەکو ڕەنگەکان لەناو لافیتەی ڕەشی سەر دیوار و کراسی ڕەشی دایکان چڕ بکرێتەوە، کە نابێت جگە لە ڕەنگی ڕەش خەون بە هیچ ڕەنگێکی ترەوە ببینین، ئەو ڕەنگە نادیارەی ناو ئەو تابلۆیە ڕەش کە بوونی نییە، لەڕاستیدا لە ناخی جەستە نائاساییەکانە کە لەناو سێبەرو ڕەنگی ئەرخەوانی خۆیان شاردووەتەوە، ئەو شاردنەوەیە جۆرێک لە دەمامکداریی جەللادە لەناو وێنەی دەسەڵاتدا.



# گڵۆپ

ئارینا مورادی





لەسەر دیوارەکە، وێنەیەک کێشرابوو. پێدەچوو منداڵی ئەو بنەماڵەیە کێشابێتی کە پێشتر لەم ماڵەدا ژیابوون. سێ کەس بوون و دارێک. لەبەر تاریکیی ژورەکە نەیتوانی بە ڕوونی دەموچاوی کەسەکانی ناو وێنە بچووکەکە ببینێ، بەڵام دارەکە دەکرا داربەڕوو بێ. ئەو هەموو داربەڕووەی لەناو شەقامەکانی دانمارک هەیە، تەنانەت لە کوردستانیش نییە.

دەنگێک وتی: ”خۆزگە ئێوارێ کە هاتیتە ناو ماڵەکە، پێش ئەوەی شەو دابێت، باش سەیری دیوارەکانت بکردایە.“

تەلەفزیۆنە کۆنەکەی داگیرساند، بیری کردەوە دەرگای ساردکەرەوەکەش بکاتەوە، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی ئەواندا بزانێ کەسەکانی ناو وێنەکە تووڕە و خەمۆکن یاخود دڵخۆش و لێو بەپێکەنین؟ پێنەدەکەنین و خەمۆکیش نەبوون، لێوەکانیان خەتێکی ڕاست بوو، کەواتە خێزانێکی ئاسایی دانمارکی بوون.

تەماشای وێنەکێشانی منداڵان و شیکردنەوەیان خوویەکی کۆنی خۆی بوو، وادیار بوو هێشتا ئەمەی بیرنەچووبووەوە. سەردەمێک کە خۆی دایک بوو، لە دایکایەتی هەر ئەوە فێر ببوو کە تەماشای وێنەکانی ئارەزوی کچی بکا و هەر کە دیتی هەموو خێزانەکەی لەناو وێنەکانیدا بزە لەسەر لێویانە، دڵنیا بێتەوە لەوەی هێشتا هەموو شتێک باشە. زۆر درەنگ زانی کە ئارەزوو روخساری نێو حەزەکانی خۆی دەکێشێتەوە، نەک هی ئەوان. دەنگێک پێیگوت: ”هەر باشیش بووی، خۆ دایکی خۆت ئەمەشی نەدەزانی.“

موبایلەکەی هەڵگرت و پەنجە گەورەی سێ جار جووڵاند. خاتوونێکی زۆر بەڕێزی دانمارکی دوای ئەوەی کە گوتی: ”لەگەڵ مێتا قسە دەکەی“، پرسیاری لێکرد چۆن دەتوانێ یارمەتیی بدات؟ زمانی دانمارکیی بیر چووبووەوە یان بە ڕێزەوە قسەکردن؟ نەیزانی کامیان. دەنگێک گوتی: ”تەنیا بڵێ ماڵەکە کارەبای نییە و تەواو.“ گوتی و پەنجەی یەک جار جووڵاند.

پیاوەکە هەر کە چاوی بە روخساری ژنەکە کەوت، زانی کە لەم ماڵەدا نابێ بە پێڵاوەوە بچێتە ژوور و پێڵاوەکانی داکەند. لەسەر جانتای کارەکەی بە خەتێکی گەورە نووسرابوو: ”لەگەڵ (دانسک بۆلی) ماڵی ئاواتەکانت هەڵبژێرە“. پیاوەکە بە بزەیەکەوە لێی پرسی: ”نەتدەزانی دەبێ خۆت گڵۆپ بۆ ماڵە تازەکەت بکڕی؟ لە دانمارک بنەماڵەکان کە ماڵیان بار دەکەن، گڵۆپەکانیان بۆ کەس جێناهێڵن.“

بیری کردەوە ماڵی دانمارکی چەند سەیرن! یەکەمجاریش کە هات بۆ دانمارک، ماڵەکەیان ساردکەرەوە و تەلەفزیۆنی تێدابوو، بەڵام خۆیان گڵۆپیان بۆ کڕی. وەڵامی دایەوە: ”نا نەمدەزانی.“ دەنگێک گوتی: ”با دەتزانی!“

تاوەکو پیاوەکە سەری گڵۆپەکەی توند کردەوە، لە گۆشەیەکی دەفتەری یاداشتەکەیدا بە خێرایی نووسیی: ”11. من دەمزانی دەبێ گڵۆپ بکڕم بۆ ماڵەکە، بەڵام نەمکڕی“. دەنگەکە گوتی: ”ئەم کارەت لە هەر 10 کارەکەی ترت سەیروسەمەرەترە، بیرت نەچێ بەیانی بۆ دەروونناسەکەتی بگێڕییەوە، بەڵکو ئەم مەتەڵەشتان هەڵهێنا“.

پیاوەکە دوو جار گڵۆپەکەی کوژاندەوە و هەڵیکردەوە، گوتی: ”دەمێک ساڵە لە دانمارک دەژیی؟“ دەنگەکە گوتی: ”ئەگەر شەقامەکانی دانمارکیش بە دانمارک حیساب بکرێن، سیانزە ساڵی ڕەبەقە.“ وەڵامی نەدایەوە، گوتی: ”تێناگەم، زمانەکەم باش نییە“.

دەروونناسەکە بە بزە هەمیشەییەکەیەوە گوتی: ”ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە بۆ تۆ، ئێستا ئیتر دوای ئەو هەموو ساڵە، لە ژیانی ناو شەقامەکان ڕزگارت بووە و ماڵی خۆت هەیە، ساڵێکە مەشروب ناخۆیتەوە و ئەمڕۆش بڕیارە لەگەڵ کچەکەت قسە بکەیەوە. زۆر هەستێکی خۆشە، وانییە؟“.

دەنگەکە گوتی: ”دە بەسە ئیتر، دەروونناسە مێهرەبانەکەت بێهیوا مەکە و بڵێ زۆر خۆشە!“ دوای چەند خولەک بێدەنگی تەنیا گوتی: ماڵەکە گڵۆپی نەبوو، دەمزانی دەبێ گڵۆپی بۆ بکڕم، نەمکڕی...“ خێرا درێژەی پێدا و گوتی: ”بڕیارم گۆڕیوە، نامەوێ لەگەڵ ئارەزوو قسە بکەمەوە“.

خاتوونە بەڕێز و میهرەبانەکە هەوڵی دا سەرسوڕمانی خۆی بشارێتەوە. بیری کردەوە لە گڵۆپی ماڵەکەیەوە دەستپێبکا و بێتەوە سەر باسی ئارەزووی کچی. دیسانەوە بە بزەیەکەوە، وەک ئەوەی هیچ شتێک رووی نەدابێ، گوتی: ”پێتوایە بۆ گڵۆپت بۆ ماڵەکەت نەکڕی؟“.

دەنگەکە بە پێکەنینێکی ناحەزەوە گوتی: ”بۆ ئەوەی ئێستا تێگەیشتووە ماڵەکان هەر کە گڵۆپیان داگیرسا، هەر کە بوون بە هێلانەی ئەوانەی تیایدا دەژین، ئەگەری لەدەستچوونیان زۆرە... ئەوە بوونە کە نەبوون بە دوای خۆیدا دێنێ“.

تەنیا گوتی: ”دەترسم!“ دەنگەکەی نێو مێشکی بە قاقاکێشانەوە گوتی: ”لە هەرچی لەدەست بچێ...“